# شێرکۆ بێکەس... ئەوەی بۆ شاعیر دەمێنێتەوە هەمیشە کەمە، بەڵام ئازاری شاعیربوون گرنگە!

دیداری: سامان عابری
و. بۆ کوردی: ڕەزا مەنوچەهری



شێرکۆ بێکەس کوڕی مامۆستا (فایەق بێکەس)ە و لە1940دا لەدایکبووە. زیاتر لەبیست بەرهەمی لەبواری شیعر، شانۆنامەو وەرگێڕاندا هەیە. لەلایەن ئەنجومەنی مەدەنی شاری ستۆکهۆڵمی سویدەوە خەڵاتی جیهانی (تۆخۆلۆسکی) پێبەخشراوە، دیسانەوە لەلایەن ئەنجومەنی مەدەنی شاری (فلۆرانسی) ئیتالیاوە پلەی هاوڵاتی فەخری پێبەخشراوە. شیعرەکانی بۆ سەر چەندین زمانی دیکە وەرگێڕدراون. زۆری لەسەر نوسراوەو راڤەیان بۆ شیعرەکانی کردووە، بۆ نموونە (سەید عەلی ساڵحی) شێرکۆ بەهاوتای (مەحمود دەروێش)، (ریتسۆس)و (پابیلۆیفرۆدا) دەزانێت.

***دەستپێکردن و ئاشنابوونتان لەگەڵ جیهانی وشەو شیعردا چۆن و کەی بووە؟**

–باوکم شاعیرێکی نەتەوەیی و حەماسی گەلی کورد بووە، بەڵام زۆر زوو ماڵئاوایی لەژیان کرد. نۆستالۆژیاکانی باوکم منی بەدوای خۆیدا رادەکێشا، هەر لەمڕووەوەیە کە من لەقەسیدەکانما زۆر دەگەڕێمەوە بۆ جیهانی منداڵیم، دەگەڕێمەوە بۆ لای باوک و دایکم کە پاڵەوانەکانی ژیانم بوون. بێگومان لەمێژە سلێمانی وەك یەكێك لەناوەندە رۆشنبیریەکان دەناسرێت و لەسەردەمی بابانەکاندا یەکێك لەناوەندە کاراکانی رۆشنبیری بووە لەبواری سیاسی و کۆمەڵایەتیدا. من لەڕێگەی رۆژنامەو گۆڤارەکانەوە ئاشنابووم بەجیهانی شیعرو ئەدەب.

***ئەگەر تۆ بتەوێت خوێندنەوەیەك بۆ نوسینەکانت و باس لەهۆکارە کاریگەرەکان لەسەر نوسینەکانت بکەیت- هەڵبەت وەك شاعیرێك-هەڵسەنگاندنەکەت چۆن دەبێت؟**

–بێگومان دوو هۆکار کاریگەری زۆر گرنگیان لەسەر ژیانی هونەریم هەبووە: یەکەم

سروشتی ناوازو دەستکاری نەکراوی کوردستان، دووەم چیرۆکەکانی شەوانی دایکم. هەڵبەت نابێت کاریگەری ئەو کەسانە لەیاد بکەم کە من وەك خوێندکارێك لەمەکتەبی ئواندا فێری خوێندن بووم، یەکەم کۆمەڵە شیعرم لە1960دا لەبەغداد چاپ کردو دەتوانیت کاریگەری جیهانی کەسانی وەك (گۆران)و (هەردی)یان تێدا ببینیت. لەکۆمەڵە شیعری دووەم بەدواوەو بەتایبەت پاش کۆمەڵ شیعری سێیەمدا دورکەوتمەوە لەشیعرەکانی پێشووترمو دەتوانیت ئەو دورکەوتنەوەیە لەقەسیدەی (کۆچ)و (دوو سردوی کێوی)یدا ببینیت. دەبێت ئەوەش بێڵم کە شاعیربوون ئەشکەنجەو ئازارە، ئازار لەو کاتەوە دەستپێدەکات کە تۆ وەك هونەرمەندێك بەرەو خۆت هەنگاو بنێیت، واتە دۆزینەوەی خۆت. کاتێك سەر لەهەر دەڤەرێك بدەیت یان ئاوڕ لەهەر وشەیەك بدەیتەوە خۆتی تێدا دەبینیتەوە. کورتە چیرۆکم نوسیوە، نمایشنامەیەکی شیعریم بەناونیشانی (کاوەی ئاسنگەر)ەوە نوسیوە، هەروەها نمایشنامەیەکی دیکەم بەناوی (ئاسك)ەوە نوسیوە. مەبەستم ئەوەیە کە تەنها لەڕوانگەی منەوە شیعر ئامڕازێکی بچوك نییە، بەڵکو لەو بڕوایەدام کە شیعر هەم پەیامەو هەم هونەر. نابێت تەنها وەك کالاّ یان شتێکی فەنتازیایی سەیری بکەین. شیعر هەرێمی رامانە. شیعر پێگەیشتنو رەسەنایەتی زمانو چڕترین دارستانە لەهەرێمی جوگرافیای ئەدەبیاتدا. لەئێستادا سەرقاڵی شیعری درێژم کە دەتوانرێت ناوی درامایان لێبنرێت. ئەو شیعرانەی کە چەندەها دەنگی تێدایە، پۆلی فۆنێك کە بەتەنها دەنگی خودی شاعیر نییە، بەڵکو دەنگی دەرەوەی شاعیرە، دەنگی بیرەوەریەکان، دەنگی گەل، دەنگی دۆستو ناسراوەکانیو دەنگی سروشت لەگەڵ یەك تێکەڵ دەبن. دەتوانیت (دەربەندی پەپولە)، (خاچو مارو رۆژژمێری شاعیرێك)و (بۆننامە) بەبابەتێکی لەو جۆرە بزانیت.

***ئەوە هەڵسەنگاندنی خۆتان بوو دەربارەی نووسینەکانتان، بەلاّم هەڵسەنگاندنی ئێمە لەسەر بەرهەمەکانت بەسەر دوو قۆناغدا دابەش دەبێت. یەکەم کۆمەڵەشیعری کازیوە، کاوەی ئاسنگەرو.. .. قۆناغی دووەم کە بەجۆرێکیش سەرلەنوێ لەدایکبوونەوەی تۆیە بەدەربەندی پەپولەوە دەستپێدەکات.**

—بەڵێ ئێوە ئازادن کە شیعری هەر شاعیرێك بەشێوازی خۆتان راڤە بکەن یان بەپێی فاکتەرەکانی خۆتان پۆلێن بەندییان بکەن. دەربەندی پەپولە ئەزموونی ژیانی ئەوروپای منە. ئەو ئەزموونە تێکەڵە لەگەڵ ژیانو بیرەوەریو نۆستالۆژیای مندا یان باشتر لەوەش ئەوە ئەزموونی هەموو رۆژهەلاّتییەکانە. دەربەندی پەپولە وێنای ساتە قریەکانی غەریببوونی هەموو کۆچبەرانی رۆژهەلاّتە، قەیرانی کەسایەتی رۆژهەلاّتییە لەڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ مرۆڤی خۆرئاوایی، مۆدێرنەو جیهانی پیشەسازی تەکنەلۆژیك) لەڕوانگەی جەنگو مێژووەوە. مێژووی رۆژهەلاّت کە لەلایەن میراتگرانیەوە لەخۆرئاوا کەم کەم بەرەو توانەوە دەڕوات، من هەوڵم بۆ ئەوە داوە کە لەم شیعرەدا ئازاری لەناوچوونی شکۆی رۆژهەلاّت وێنابکەم. جوڵەی من لەدەربەندی پەپولەدا جوڵەیەکە لەئەندۆچکەوە بۆ گشت یان هەمووان. شیعرەکەی من لەتاکەوە دەستپێدەکاتو تێکەڵ بەڕووحی بەکۆمەڵی گەلی کوردو مێژووی هاوچەرخیان دەبێتو روحی هەموو رۆژهەلاّتییەکان لەڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ رۆشنبیری خۆرئاوادا بانگی ململانێ (قەیران) دەکات.

***جیهانی شیعری ئێوە جیهانێکی فراوانەو نۆستالۆژیایەکی قوڵی تێدایە لەمڕووەوەیە کە دەبینین زۆر توخمی وەك (لەیلا)، (پەری خان)و.. .. لەڕۆح و شیعرەکانتا کاریگەری داناوە، بۆ نموونە لە(دوو سرودی کێوی)دا باس لەپەری خان دەکەیت، بەلام لەناکاو توخمی (لەیلا) دێتە مەیدان، یان بۆ نموونە لە(خاچ و مارو ڕۆژمێری شاعیرێك)دا ئامادەن، پێمانخۆشە لەم بارەیەوە ڕوونکردنەوەی زۆرترمان بۆ بدەیت؟**

—سەیرکە لەشیعری نوێدا هەموو شتێك تێکەڵ دەبن. هەموو توخمەکان لێك دەئاڵێن. کاتێك ناوی لەیلاو پەریخان دێنم لەوانەیە مانایەکی تایبەت بێت لەنێوان خۆم و ژنێك یان کچێکدا، یان لەوانەیە سەمبولێك بێت بۆ بابەتێکی گەورەتر. ئەم بابەتانە لەیەکدی جیاوازنیین، بەڵکو لەسەرەتاوە تاکو کۆتایی باسی یەك شت دەکەن، واتە یەکێتی بابەتی تێدایەو هەموو شتێك تێکەڵ بەیەك دەبن. ئەو سەمبولانە هەندێکجار هێمای تایبەت و تاکە کەسین و هەندێکجاریش گشتین. لەوانە ئاماژە بەدەستگیرانەکەم بکەم و لەهەمان کاتدا گەڕانەوە بێت بۆ گرفت و دڵەڕاوکێیەکی گشتی.

***ئێوە بۆ خۆتان لەو بڕوایەدان کە قۆناغی جدیی شیعریتان لەدوو (سرودی کێوی) بەدواوە دەستپێدەکات، بەلام بەپێی لێکدانەوەکانی من ئەو کتێبە تەنها پێگەینی شیعرە لەتۆدا، تۆ لەوێدا زۆر بەتوندی کەوتویتەتە ژێر کاریگەری (ئەنوەر قادر محەمەد) زمان و زەینییەتت لە(ئەنوەر)ەوە وەرگرتووە، بەلام هێشتا زمانەکەتان پوختە نییەو هێشتا پێشەنگایەتی لەدەستی (ئەنوەر قادر محەمەد)دایە، ئایا بەمجۆرەیە؟**

—هەر شاعیرێك کاریگەری لەئایدۆلۆژیا، سروشت و کەرەستەو ئامڕاز، یان زمانی شیعری شاعیرانی دیکە وەردەگرێت و بەهەمان شێوەو لەبەرانبەردا کاریگەری لەسەر شاعیرانی دیکە دادەنێت. گەرچی (ئەنوەر قادر محەمەد) یەك کۆمەڵە شیعری هەیە، بەڵام یەکێکە لەجوانترین و زیندوترین روخسارەکانی ئەدەبیاتی کورد. ئەنوەر بەچاپکردنی کۆمەڵە شیعری (زریان) هەموو شاعیرانی هاوچەرخی خۆی، بەمنیشەوە سەرسام کرد. (زریان) تەنها دیاردەیەك نەبوو، بەڵکو وەرچەرخان و شۆڕشێك بوو و زمانی کوردی بەرەو زەینییەتێکی جوان و مومتاز برد، زەینییەتێك کە دەتوانێت هەموو شتێك بکات بەتوخمی شیعر، هەر ساتێکی نۆستالۆژیانەو شاعیرانە بێت. هەمان زەینییەت کە شاعیری گەورەی فارسی (سۆهرابی سپێهری) لەشیعری (دەنگی پێی ئاو)دا ئافراندوویەتی. گومان تێدا نییە جیهانە سەرسامەکەی سپێهری لەشیعری دەنگی پێی ئاودا یەکێکە لەچوار، پێنج شیعرە درێژەکانی جیهان کە تاکو ئێستا من لەژیانمدا خوێندومەتەوە. بەلام سەبارەت بەزمان و زەینییەتی ئەنوەرو کاریگەری لەسەر من لەوانەیە هۆکارەکەی لەنزیك بوونی فەزا، زەمەن و کارەکتەرەکان و چەند دەنگ بوونی شیعردا لەلای تۆ ڕەنگی دابێتەوە.

***هۆنراوەکانت زمانێکی دیالۆگیانەی هەیە، بەلام ڕەوان و سەلیس پێشکەشت کردووە، ئەوە لەکاتێکدایە زمانی کوردی پاش تێکشکاندنی میدیەکان کەوتۆتە بەر پەلامارو هێرش، دەربازکردنی ئەم قەیرانە لای تۆ چۆن بووە؟**

—لەجیهاندا زمانێك نییە ڕەسەن بێت. لەکۆندا ئەو زاڵبوونە بەهۆی جەنگ و کێشمەکێش و زاڵبوونی گەلێك بەسەر گەلێکی دیکەدا چەسپێنراوە، بەڵام لەم سەدانەی دوایدا بەڕێگای تەکنەلۆژیا و گۆڕانکاریە کۆمەڵایەتییەکانەوە ئەو زاڵبوونە جێبەجێکراوەو دەکرێت. بێگومان زمانی فەرمی زمانەکانی دیکە دەخاتە ژێر سێبەری خۆی، ئەو

نەتەوەیـەی کـە خـاوەنی زمـانێکی سـتاندارد نـــەبێت و لـــەژێر ســـێبەری حکومـــەتێکی یـەکگرتوودا نـەبێت ئـەوە گومـانی تێـدا نییـە رووبەڕووی قـەیران دەبێتـەوە. ئەگـەر تۆ زمانت نــەبێت بوونیــشت نییــە. بایەخــدان بــەزمان بایەخدانـە بـەخود، بەتایبـەتی زمـانی ئـەدەبی. بـەڵام بابـەتێکی گـرنگ ئەوەیـە بـۆ ئـەو وشـەو زاراوانەی کە لەزمانەکەماندا نییە سود لـەزمانی فارسـی یـان عـەرەبی وەربگـرین ئـەوە کـارێکی بـەجێمانکردووە، چـونکە لەبنەڕەتـدا بونیـادی ڕێزمانی زمانەکان لەیەکدی جیاوازن و وشـەکان لـەزمانێکی دیکـەدا ڕۆڵێکـی دیکـە دەگێـڕن بـۆ نموونـە لـەزمانی ئێـوەدا (اسـتعمال دخانیـات اکیدا ممنوع) مانایەکی تەواو فارسیانەی هەیە. سـەرەڕای ئـەوەش کـە وشـەکانی ئـەو ڕسـتەیە عەرەبین بەڵام قەت عەرەب زمانێك گۆکردنەکانی بـەو جـۆرە نـیین و لەلایـەکی دیکـەوە لەڕاقـە فارسـییەکەوە هیـچی دەسـتناکەوێت. ئـەرك و پـەیامی پاراسـتن و بـەرگری لەهـەر زمانێکـدا دەکەوێتـە ئەسـتۆی ئەدیبـە گـەورەکانی خـودی ئەو زمانەو تۆمارکردنی لەمێژوودا.

***چما کۆمـەڵانی خـەڵك زۆر بـەخێرایی و بـەهۆی ڕیتم و قافیـەوە پەیوەنـدی لەگـەڵ شیعری کلاسـیکدا دروست دەکەن، بەڵام شیعری نـوێ گـوێگری تایبـەت بەخۆی هەیە یان تەنانـەت لەلایـەن موزیـسییەنەکانەوە پێشوازی لێناکرێت؟**

-شـیعری کلاسـیك- چ کـوردی چ فارسـی- لەژێر کاریگەری عـوروزی عەرەبیدایـەو هـەر بەو جۆرەی ئاماژەت پێکرد گوێی خەڵك ئاشنابووە بەشیعری قافیـەدار بـەڵام ئـەوە بەشـێکە لـەکۆی بابەتەکە نـەك هـەمووی. لەچوارچێوەی شـەپۆلە نوێکانـدا ڕیـتم و مۆسـیقاش هەیـە، گەرچـی لـەمڕۆدا هەنـدێك شـیعر دەنوسـن کـە مۆسـیقاو مانـای نییـەو تەنانـەت هەسـتێکت لا دروسـت ناکـات، بـەڵام مـن بـۆ خـۆم ئـەوەم قبـوڵ نییـەو تەنانـەت ئـەوەش بەشـیعر نـازانم. بـەبڕوای مـن شـیعر مۆسـیقایە مانایـە. دەنگـی بـەرزو بڵنـدی وشـەو ڕۆحـە کـە دەتوانێت یـاری بەهەسـتەکانی مرۆڤ بکات ئەو بابەتانەش بـەڕێگای مۆسـیقایی بوونـەوە دەرفـەتیان بەسـەردا دەکرێتـەوە. شـیعر بۆ خـۆی بەشـێکە لەمۆسـیقا ئەگـەر ئـەو بەشـەی بسڕینەوە ئیدی شتێکی ئەوتۆی بۆ نامێنێتەوە.

***ئایا دەتوانین ئەو کارەکتەرانە بـۆ جیاکردنـەوەی شـیعرێکی زینـدوو نـەمر لەگـەڵ سـرودێکی کاتیـدا بەکارەکتەری سەرەکی بزانین؟**

-بێگومـــان ئـــەو جـــۆرە شـــیعرانەی کـــە زەمـەنێکی تایبـەت و سـاتێك نـەگوترابن شیعری نەمرن. هەڵبەت دەبێت جگـە لـەو بابەتانـە چەند بابـــەتێکی دیکـــەمان بـــۆ نـــەمربوونی شـــیعر لەبەردەســـتدا بێـــت کـــە وەك نزیکبوونـــەوەو خۆشەویـستی و ڕاسـتگۆیی شـیعر، هــەروەها فـەنتازی بـوونی شـیعر دەبێـت زمـان و ئـەو گەوهـەرەی کـە لەڕاسـتی شیعردا بـوونی هەیـە ڕەچـاوبکەین ئـــەو تایبەتمەندییانـــە لەدوایـــدا پەیوەنـدی هەیـە بەڕاسـتگۆیی شـاعیر لەگـەڵ وشـەو ماناکانیانـدا. بۆ نموونـە شیعرێك کـە بۆ خۆشەویستێك گوتراوە نـەمر دەمێنێتـەوە، بـەڵام شـــیعری نیـــشتمانی بـــەو جـــۆرە نامێنێتـــەوە لێرەدایـە کـە تـەنها تـوخمی زەمـەن دەتوانێـت جـــوانی و ڕاســـتگۆیی ئـــەو دوو شـــیعرە دەستنیشان بکات. گومانی تێدا نییە کـە هـەموو شیعرەکان جاویدان نابن، ئەوە کە بۆ شاعیرێك دەمێنێتەوە هەمیشە کەمە بەڵام زۆر گرنگە.

**سەرچاوە:**

**ڕۆژنامـــــەی (هەمـــــشەهری، دووشـــــەممە** 1383/3/12